# بۆبەرگرتن بە سەرکوتکردنی ئازادی،دژبەپرۆژە یاسای "رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوەگشتیەکان" وەرنە مەیدان

لەدرێژەی هەوڵ و هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ سەرکوتکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتەوە هێرشێکی دیکە بەرێوەیە،کە نەخشەکەی لە چوارچێوەی پرۆژەیاسایەکدا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە نوسراوەتەوە و خراوەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی بە یاساییکردنی ئەویش ( پرۆژە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوە گشتییەکان)ە .بەپێی برگەکانی ئەو پرۆژە یاسایە سەرەتاییترین مافی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی داواکاریەکانیان و دەبرینی نارەزایەتیەکانیان بە خۆپیشاندان و کۆبونەوە زەوتدەکرێت ،ئەمە لەکاتێکدایە کەدەسەڵاتدارانی کوردستان رۆژانە بانگەشەی فەراهەمکردنی دیموکراسی و ئازادی دەکەن بۆ دانیشتوانی هەرێمەکە ئەمەلەلایەک، لەلایەکی دیکەوە رۆژدوای رۆژ سەرقاڵی هەرەشەو دانانی یاسان بۆ سەرکوتی خەڵکانی ئازادیخوازو نارازی لەخراپی گوزەران و ئایندەیان وە بەهەمان ئەوبیانوە سواوانەی دەسەڵاتدارانی کوردستان کە هەمیشە بۆبەرگرتن بە نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان دەیڵێنەوە بە نمونەی وەک (پاراستنی سیستم و ئادابی گشتی) هیچ کەس ولایەنێک مافی کۆبونەوە و خۆپیشاندانی نابێت تا جەنابی وەزیر دڵنیا نەکاتەوە کە کارەکەیان لەگەڵ بیری ئەودا تەبایە؟! ئەمە جگەلەوەی خودی کەسانی بەشداربو لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکاندا دەکرێنە بەرپرسی ئەمنیەتی خۆیان و وەختێک خۆپیشاندان و کۆبونەوەکان کەوتنە بەردەم هێرشی هێزەکانی ناوخۆ روبەروی ئازارو مەرگیشبونەوە دیارنیە لێپێچینەوە لەگەڵ کێ دەکرێت و سزاکەی چییە؟؟!. لەکاتێکدا ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان یەکێکەلەبەڵگەکانی بونی ئازادیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا .

پرۆژە یاسای لەو جۆرە بێجگەلەوەی راستەوخۆ ئازادی خۆپیشاندان و کۆبونەوە زیندەبەچاڵ دەکات لەهەمانکاتدا دەستی هێزەکانی دەسەڵات ئاوەڵادەکات بۆ پەلامار و بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران وە سزاو بەرپرسیاریەتەکەشی ئەخرێتە ئەستۆی رێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە،بەوەی کە دەبێت گیانی خۆیان بکەنە بارمتەی رونەدانی هەر لادانێک لەوەی کە دەسەڵات تەنگەتاو سەغڵەت بکات ،کە رەنگە دەسەڵات خۆی زۆرجار دەستی هەبێت لەو کارەدا تا کەسێک نەوێرێت داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان یان مانگرتن بکات کە بۆخۆی داواکردنی مۆڵەت بۆ خۆپیشاندان و کۆبونەوە لەگەڵ هیچ پێوەرێکی دنیای مەدەنی و مۆدێرندا نایەتەوە ،لەمانەش سەمەرەتر ئەوەیە کە مانگرتن و کۆبونەوەکان تا بەرلەخۆراوابون بەردەوامیان هەبێت کەئەمەش پێشێلکردنی مافی خەڵکی نارازیە لەچۆنیەتی دیاریکردنی شێوازی بەدەستهێنانی ماف و داواکاریەکانیان.

بەڵام مانگرتن،خۆپیشاندان،کۆبونەوەی گشتی مافێکی سەرەتایی خەڵکە و هەرجۆرە رێگریەک بەهەربیانویەک پێشێلکردنی ئەو مافەیە ، وە کاری ئازادیخوازانیشە بۆ بەرگری لەو مافەو وەستانەوە بەرانبەر هەوڵی بەیاساییکردنەوەی سەرکوتی ئازادیدا دەنگ هەڵبڕین و تواناکانمان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە یەک بخەین و کار بکەین لەپێناو جێخستنی یاسایەکدا کە ئازادی بێ قەید و شەرتی خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبونەوەگشتیە کان فەراهەم بکات .لێرەوە بانگەوازی هەموو رێکخراو و گروپ و خەڵکانی ئازادیخوازدەکەین کەبێن لەم پێناوەدا تواناکانمان بخەینەگەر.

تۆری بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک azady.aynda@gmail.com

کوردستان 22–4–2008